
## ڕێناز سەعید یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان:

# کچانی سلێمانی پێشەنگن لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان





دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو هاتیتە نێو دنیای یاریی گۆڕەپان و مەیدانەوە؟**

- بەر لە هەموو شتێك من خولیایەکی زۆرم هەبووە بۆ وەرزش، وەکو هەموو یاریزانێکیش سەرەتا لە قوتابخانەکانەوە دەستم بە وەرزش کردووە تاکو ئێستاش هەر بەردەوامم لە نێو یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان ومەیدان لە کوردستان بەگشتی چۆن دەبینی؟**

- یاریی گۆڕەپان و مەیدان لە ئاستێکی باش دایە لە شارەکانی کوردستان، چونکە بەرپرسانی یانەکان لە هەرێمی کوردستان گرنگیی باش بە تواناکانی یاریزانانی خۆیان دەدەن و چەندین یاریزانی بەتوانامان کۆنترۆڵی هەڵبژاردەی عێراقیان کردووە، ئەوەش بەڵگەیە کە لە هەرێمی کوردستان ئەم یارییە لە ئاستێکی بەرزدایە.

*** ئەی ئەم یارییە لە شاری سلێمانی لە چ ئاستێکدا دەبینی کە سلێمانی هەموو کات خاوەن یاریزانانی بەتوانا بووە؟**

- شاری سلێمانی هەموو کات بەوە بەناوبانگ بووە کە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق، منیش وەکو کچە یاریزانێکی شاری سلێمانی بە پایتەختی یاریی گۆڕەپان و مەیدانی دەزانم، ساڵ بە ساڵیش یاریزانی باشتری لێ دروست دەبێت بۆیە بە قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانانی دەزانم.

**شـــاری ســـلێمانی هەموو کات بەوە ناوی دەرکردووە کە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیداندا پێشـــەنگ بووە لە دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بگرە عێراقیش، یانەی سیروانی نوێش یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام هەوڵی پێگەیاندنی یاریزانان لە ئاست و تەمەنە جیاوازەکان داوە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش ڕێناز ســـەعیدە، ئەو ماوەیەکە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان بەشدارە و خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە. ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی شاری سلێمانییە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**





***پێت باشـــە بۆ بەرەوپێشـــبردنی ئەم یارییە لە کوردستان چی بکرێت؟**

- ئەگەر بمانەوێ ئاســـتی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان بەرەوپێش بچێت، دەبێت پێش هەموو شتێك یاریگای باش و مۆدێرن هەبێت، بەگشتی ئاستی ئەم یارییەش باشە، دەکرێ باشـــتریش بکرێ بە هاوکاریکردنـــی یاریزانان و کردنەوەی پاڵەوانێتیی زیاتر لەلایەن بەرپرسانەوە.

*** باشترین ئەنجامە باشەکانت وەکو یاریزان چی بوون؟**

- چەندین ئەنجامی باشم لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەدەستهێناوە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان و یارییەکانی ماڕاسۆن.

*** بەرنامەت چییە ؟**

- لە ئێســـتادا مەشقەکانمان چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانم بە شـــێوەیەکی باشتر بۆ پاڵەوانێتییەکان خۆم ئامادە بکەمبە پشتیوانیی ڕاهێنەری بەتوانا دکتۆر حامد.

*** کێشەو گرفتتان لەم یارییەدا چییە؟**

- گەورەترین گرفتی ئێمە نەبوونی یاریگایەکی تایبەتە بە یارییەکانـــی گۆڕەپان و مەیدان بۆ ئێمەش گرفتە کە زیاتر لە شوێنە گشتییەکان مەشقەکانمان ئەنجام دەدەین ئەوەش بۆ ئێمە کاریگەری دەبێت لەسەرمان.

*** لە خێزانەکەت هیچ کەسێکتان وەرزشوانە؟**

- نەخێر، چونکە تەنیا من خولیام هەیە بۆ وەرزشـــکردن، بەڵام ئەوان پشـــتیگری مـــن دەکەن بـــۆ بەردەوامبوونم لە وەرزشکردن.

*** خانەوادەکەت ڕێگری لە وەرزش کردنت ناکەن ؟**

- نەخێر هیچ کات نەبوونەتە ڕێگر لەبەردەم بەردەوامبوونم لە وەرزشـــکردن هەریەك لە دایـــك و باوکم هێزی زیاترم پێ دەدەن لە وەرزشکردن ئەوان هۆکارن بۆ بەردەوامی من لە نێو جیهانی وەرزشی.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم بەشـــداری لە پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی بە ناوی وڵاتی کوردستان بکەم و خەونەکەشمان بێتەدی کە کوردستان ببێتە دەوڵەت.

*** یانەی سیروانی نوێ هاوکاریتان دەکەن؟**

- بەڵێ بەپێی توانای خۆیان هاوکاری بەردەوامی ئێمەن لە وەرزشکردن و ئەوان هۆکارن بۆ پێشکەوتنی ئاستی ئێمە .

*** بە چ یاریزانێك سەرسامیت؟**

- بە کچـــە یاریزانی بەتوانای وڵاتی شـــیلی ئانجل کە بەهیـــوای ئەوەم بگەمە ئاســـت و توانای ئـــەو لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان.

*** جگە لە یاریی گۆڕەپـــان و مەیدان چ یارییەکی دی ئەنجام دەدەی؟**

- هیچ یارییەکی دیکە ئەنجام نادەم، بەڵام شـــارەزاییم لە زۆربەی یارییەکانی وەرزشی هەیە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- ســـوپاس بۆگۆڤاری گـــوڵان کە بـــەردەوام هاوکاریی وەرزشکاران دەکەن لە شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی.




## جۆزێ مۆرینهۆ: بەرشلۆنە هۆکاری مانەوەم بوو لە ئیسپانیا

جۆزێ مۆرینهۆی راهێنەری یانەی چێلسی ئینگلیزی ئەوەی ئاشکرا کرد کەلەنێوان ساڵانی ٢٠١١ تا ٢٠١٣ چەندین بۆندی یانە گەورەکانی ئەوروپای رەتکردۆتەوە و بڕیاری داوە لەگەڵ یانەی ریال مەدرید بەردەوام بێت.

رۆژنامەی دیڤینسا سەنتراڵی ئیسپانی لێدوانەکانی مۆرینهۆی بڵاوکردەوە و تیایدا سپێشەڵ وەن دووپاتیکردەوە کەبەهۆی یانەی بەرشلۆنەوە بڕیاریداوە لەگەڵ یانەی ریال مەدرید بەردەوام بێت، مۆرینهۆ لەمبارەیەوە گوتی : دوو بۆندی گەورەی یانەی پاریس سان جێرمانم بەدەست گەیشت بۆ ئەوەی تیپێك ئامادە بکەم کەبتوانێت ببێتە گەورەی یانەکانی ئەوروپا، بەڵام هەردووکیانم رەتکردەوە و




## خشتەی یارییەکانی ئەم هەفتەیەی چامپیۆنزلیگ

**رۆژانی سێشەممە و چوارشەممەی داهاتوو یارییەکانی چوونی قۆناغی ١٦ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا (چامپیۆنزلیگ) بەردەوام دەبێت بە ئەنجامدانی چوار یاری، جارێکی دیکە یانەکانی ئیتالیا بەرامبەر یانەکانی ئەڵمانیا یاری دەکەن هەروەها یاری بەرشلۆنە و مانچستەر سیتی سەرنج راکێش دەبێت، ئەمەش خشتەی سەرجەم یارییەکانە و کاتی ئەنجامدانیان بەکاتی کوردستان :**

**سێشەممە ٢٠١٥/٢/٢٤**

**مانچستەر سیتی (ئینگلتەرا) * بەرشلۆنە (ئیسپانیا) کاتژمێر ١٠,٤٥ی شەو**
**یۆڤانتس (ئیتاڵیا) * بروسیا دۆرتمۆند (ئەڵمانیا) کاتژمێر ١٠,٤٥ی شەو**

**چوارشەممە ٢٠١٥/٢/٢٥**

**بایەرلیڤەرکوزن (ئەڵمانیا) * ئەتلەتیکۆ مەدرید (ئیسپانیا) کاتژمێر ١٠,٤٥ی شەو**
**ئەرسنال (ئینگلتەرا) * مۆناکۆ (فەرەنسا) کاتژمێر ١٠,٤٥ی شەو**



# میرۆسلاڤ کلۆزە نزیک دەبێتەوە لەخولی یانەکانی ئەمریکا

وادیارە ژمارەی ئەو یاریزانانە کە پەیوەندی بەخولی ئەمریکا دەکـەن لەزیادبوون دایە، دواین یاریـزان کە بڕیاریداوە روو لەم خولە بکات ئەستێرەی ئەڵمانی میرۆسلاڤ کلۆزەیە کە ئێستا یاریزانـی یانەی لازیـۆی ئیتالیە، وا چـاوەڕوان دەکرێت لە وەرزی گواستنەوەی هاوینەی ٢٠١٥ کلۆزە باشترین گۆڵکەر لەمێژووی سـەرجەم مۆندیالەکان یانـەی لازیۆ بەجێبهێڵت و بچێتە یانەی لۆس ئەنجلۆس گەلاکسی.

ماڵپەری تۆتـۆ مێرکاتۆی ئیتالـی رایگەیاند کە یاریزان کلۆزە نزیك بۆتەوە لە مۆرکردنی بۆندێك لەگەڵ یانەی لۆس ئەنجلۆس گەلاکسـی لە هاوینی ساڵی ٢٠١٥، بۆندی کلۆزە لەگـەڵ یانەی لازیۆ تاکۆتایی ئەمسـاڵە بۆیە پێش ئەوەی بەیەکجاری ماڵئاوایـی لەجیهانی تۆپی پێ بکات ئارەزووی ئەوەی هەیە ئەزموونێکی تازە لەخولی ئەمریکا تاقی بکاتەوە.



بڕیارمدا لەگەڵ یانەی ریـال مەدرید لەساڵانی ٢٠١١ تا ٢٠١٣ بەردەوام بم.

هەروەهـا مۆرینهۆ گوتی: بڕیـاری مانەوەم لەیانەی ریال مەدرید بەهۆی یانەی بەرشـلۆنەوە بوو، چونکە دەمویست لەیانەی بەرشلۆنە ببەمەوە کە ئەو کات بەهێزتریـن یانەی ئەوروپا بوو، هەروەها حەزم دەکرد خولی ئیسـپانیا بەدەست بهێنم دوای ئەوەی خولەکانی پورتوگال و ئیتالیا و ئینگلتەرام بەدەست هێنا بوو.



# مارکۆ ڤیراتی یانەی پاریس سان جێرمان بەجێناهێڵێت

یاریزانی لاوی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا مارکۆ ڤیراتی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی دانی بەوە دانا کە ئارەزوو دەکات لەگەڵ یانە دەوڵەمەندەکەی شـاری پاریس لەماوەی داهاتوو بەردەوام بێت، ڤیراتی لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەری فوتبـۆل ئیتالیا گوتی : هیچ کێشـەیەك لە نێوان مـن و راهێنەر لۆران بلان لەئارادانییـە و ئەو هەواڵانەی کە باس لەبوونی کێشـەی من و بلان دەکەن دوورن لە راستی و دەزگاکانی راگەیاندن هەواڵی نادروست بڵاو دەکەنەوە بۆیە من دەمەوێ لێرە لەشـاری پاریس بەردەوام بم دەربارەی جیاوازی نێوان خولی ئیتالیا و خولی فەرەنسا، ڤیراتی هەروەها گوتی: رکابەری لەخولـی ئیتالیا بەهێزترە لەخولی فەرەنسـا، هەروەها لەخولی ئیتالیا یاریزانەکان دەتوانن لەگەڵ ناوبژیوانان قسە بکەن، بەڵام لەخولی فەرەنسا ئەم کارە قەدەغەیە سەبارەت بەوەرگرتنی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان و تۆپی زێڕین ڤیراتی گوتی: بێگومان هیوادارم رۆژێك لە رۆژان خەڵاتی تۆپی زێڕین بەدەست بهێنم، بەڵام پێم وایە ئە ئاواتە مەحاڵە بێتە دی .